# جەزا چنگیانی

## زەمینەی لەدایک بوونی(مەم و زین)ەکان تائێستا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا لەبارە



نووسەری دوورە وڵات(جەزا چنگیانی) لە بواری نووسینی چیرۆک و ڕۆماندا جێدەستی دیارەو ڕۆژنامە ڤانێکی بوێروو چالاکە, لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا جوانی ژن و ئەڤینداری پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە, بۆ زیاتر ئاشنابوون بەدیدوو جیهانبینی نووسەر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزی کردوو بەم جۆرە وەڵامی داینـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەوە.

عومەر کەریم بەرزنجی

* (ئادەبێ وابێ سبەینێ ژووانی دوودڵداربێت, دوو کـــــــلتور بێتــــــ, کلتورێکی گەرم و گـــوڕ کلتورێکی ساردوو سڕ) ئایا گـــــەرم و گـــوڕی ئەم کلـــــتورەی ئێمە لەچیدا دەبینیت, ئێمە کــــــە ناتوانین بەئاشکرا گوزارشت لە خۆشـــەویستی بکەین و بەڕەگـــەزی بەرامبەر بڵێین خۆشـــم دەوێی, کلتورێکـــــــی سیخناخ بەمەرگ دۆستی دەبێت جوانی و گەرم و گوڕییەکەی چیبێت؟

-کلتووری گەرم و گوڕی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لە کرۆکدا کلتورێکی ساخڵەمە, ئەو کلتورەی بەرێزتان باسی لێوە دەکەن کلتوری رەسەنی کوردە نییە, بەڵکو کلتوری ئیسلامە, کە خۆشەویستی یاساغ کردووە, وەلێ لەتەك تورتی یاسای ئیسلامیشدا هێشتاکە روبەرووی کێشە روحی‌یەکان دەبینەوە( ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ) لەبەر ئەوەی حەزمان کپکراوە و بەرۆحەوە خۆشەویستی و ویستی سێکسیمان لەتەك ئافرەتا دەکەین و دڵسۆزین( ئەمە ڕێژەیی )یە هێشتا دورین لە تە پووتۆزی کە پیتاڵ و تەکنەلۆژیا.

رۆحە رۆمانسییەکان لامان زۆر زیندووترە لە کۆمەڵگایەك کە تەکنەلۆژیا کردوویەتی بەرۆبۆت بۆیە زەمینەی لەدایك بوونی( مەم و زین )ەکان تائێستا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا لەبارە وەلێ زەمینەی لەدایك بوونی( رۆمیۆ و جولێت )ەکان لە ئەوروپادا لێژبووە, گەر سەرنج بدەیتە بەرهەمە وێژەییەکانی ئەوروپای ئێستاو سەد ساڵ لەمەوبەر دەبینیت رۆمانسیەت وەکی سەردەمانی پێشوو نابینرێت, دوای رمانی بلۆکی سور کلتووری نەتەوەکانی ئەو دەڤەرە تووشی قەیرانی هەڵوەشانەوەیەکی وابوون, کۆمەڵگەی تاسان و زۆر بەچڕی کلتوری خێزان و پەیوەندییە رۆحی‌یەکان تارادەیەکی زۆر داتە پی, تەنانەت یاساکانی دەوڵەتیش وەك پێویست کۆمەك لە ئافرەت ناکات, بێکاری نەگبەتی سەختی مسۆگەرکردنی پاشەرۆژ, مرۆڤەکانی لە ویستە رۆحی‌یەکانی دوور خستەوە"تکایە بڕوانە لاپەڕە123و دیالۆگی ڤیۆلیتا"0 ڤیۆلیتا قسەکەری سەردەمە.

راستە ئافرەتی ئەوروپی ئازادە لە گۆڕینی پۆشاك و رەنگ کردنی رووی و هەڵبژاردنی پیاودا وەلێ کە رووبەرووی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەتەك پیاودا دەبێتەوە قوربانییەکی دەستەمۆیە, ئاسانترین و لاوازترین جەستەش کەدەسەڵاتی پیاو زۆرانی لە تەکدا دەگرێت جەستەی ئافرەتە ئەم بوارەش کە بۆپیاو فراوانکراوە کولتور یاسایە, ئافرەت یەکەم قوربانی پرۆسترویکایە؟

*پاتریسیا لەگەڵ پیاوانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا دوو ئەزموونی تاڵی هەیە کە دووچاری تێکشکاندنێکی دەروونی کردووە, ئایا هەست ناکەیت ڕەگەزپەرستانە مامەڵەت کردووەو پیاوانی ڕۆژئاوات بەنموونەی خراپەکاری و پیاوی خۆرهەڵاتیت بەنموونەی چاکەکاری و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی ناساندووە, بەپێچەوانەی پێشەکی ڕۆمانەکەوە کە دژی ڕەگەزپەرستی ڕاوەستاویت؟

-رووداوی رۆمانی( پاتریسیاو دیارییەکەی ) لە ولاتی پۆڵۆنیایە چونکە دەسەڵاتی دەوڵەت و بازاڕ لەدەست پیاودایە و یاسای ئەو وولاتەو روسیاو ولاتانی تریش بە پێوەری مرۆڤ ناڕوانێتە ئافرەت پیاوانی دەسەڵاتداریش بەو ویستەوە فەنتازیای کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر جەستەی ئافرەتەکانیان دەکەن, ئافرەتیش کەهیچ بوارێکی نەبێ دەبێ سەرتاپای ئەندامەکانی لەشی بخاتە بەردەست خاوەن بازاڕەوە, بەڵێ پیاوی ئەو کۆمەڵگەیانە بەرامبەر ئافرەت زۆردڕندەن ئەمە سیستمی کارە تاژمارەی بێکاری زۆربێت نرخی کرێاروو کار نزمە ئافرەتیش کە بە پێی رشتەی کۆمەلایەتی لەچینی پرۆلیتاریدایە رێژەیان لە بێکاریدا زۆربووە بۆیە ئافرەت نرخی کارو جەستەو رۆحی لەلای پیاوانیان

لەدەستداوە( 55٪ ) دانیشتوانی بەرلین بەتەنیا دەژین بۆ؟ چونکە پەیوەندییە رۆحی و خێزانییەکان بوونەتە قوربانی کارو بژێوی ژیان, لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێردیشدا پیاو ئەگەر ویژدانی رێگەی لێنەگرێت هەموو ئەرکی منداڵەکان دەکەوێتە ئەستۆی ژنی داماوەوە.

* لەدوای بڵاوبوونەوەی رۆمانی( کاتێک گەیشتمە لای خوا ) کەسانێک پێیان وابوو رچەی سەلمان روشدیت گرتووە تالەو رێگەیەوە ناوبانگ دەرکەیت, لەسەر حسابی تەشهیر کردن بە رەمزە دینییەکان, ئایا لەنووسینی ئەو رۆمانەدا خەونێکی لەوجۆرە پاڵنەری سەرەکی بوو؟

-لە رۆمانی ( چۆن گەیشتمە لای خوا ) ئەم مەبەستانەم هەبووە:-

1-زیندووکردنەوەی هەندێ راستی مێژوویی بەدەق و زمانێکی وێژەیی

2-شکاندن, وەلانان, رمانی گشت ئەوکۆسپانەی دەبنە ئیفلیجکردنی تواناو ویستە رۆحییەکان, یانی حەلاڵکردنی حەرامەکان.

3-من شەیدای ئەوەم ژیانی مرۆڤ والابکەم, سێکس کە پرێمێتیفی ئیسلام ناشیرینی کردووە گەرەکمە جوانییە رەسەنەکەی ئاشکرابکەم

4-لەو رۆمانەدا رۆڵێکی گەلێك مەزنم داوە بەئافرەت کە بەهێزترین پیاو ناتوانێت نکوڵی لێبکات.نامەوێت رێچکەی سەلمان روشدی بگرم ئەو رادیکاڵییەی بەرێزتان ئاماژەتان بۆنەکردووە من نەك لەورۆمانەدا بەڵکو لەزۆربەی وتارو بەرهەمەکانی تریشمدا گرتوومە, تکایە بڕوانە کۆمەڵە کورتە چیرۆکی( چوار نان )کە لە پێش رۆمانەکەدا نوسیومە.

*نازم حیکمەت لە شانۆنامەی( یاخی بوونی ئافرەت )دا دەڵێ ژنان دەتوانن دەستبەرداری هەموو شتێک ببن بەتەنیا ناو نوێن نەبێت, ژن و سێکس پانتاییەکی بەرفراوانیان لە بەرهەمەکانتدا داگیر کردووە ئایا تاچەنێک لەگەڵ ئەوبۆچوونەی نازم حیکمەتدا یەکدەگرنەوە؟

-نازم حیکمەت بەو رستەیەو فەیلەسووفی ئەڵمانیش نبتشە بەم ڕستەیە( کە رۆشتی بۆلای ئافرەت قامچیت لەیادنەچێت ) سووکایەتییەکی زۆریان بەئافرەت کردووە, نەخێر نەك لەگەڵ بۆچوونەکەی نازم حیکمەتدا نیم بەڵکو بێزی لێدەکەمەوە.

راستە لەنووسینەکانمدا سێکس و ئافرەت پانتاییەکی بەرفراوانی گرتووە, مەبەست ئەوەیە پیاو بزانێ ئافرەت چەند بەنرخەو پێویستە بۆژیان و بەختیاری ئاخر براکەم تەنیا ئافرەت دەتوانێ ژیان رەنگاڵەیی بکات0 ئافرەت سەرچاوەی بوونە وەکی ئەحمەدی خانی دەفەرمێ ئافرەت و خوا لە هەندێ سیفەتدا لەیەك دەچن کە هەردووکیان ژیان دەبەخشن, ئافرەت پیرۆزە نەك تەنیا بەرێزە.

*زۆرپیاو هەن بەرگرییەکی سەرسەختانە لە ئافرەت و مافی ئافرەت دەکەن, وەلێ بەکردەوە پێچەوانەی دروشم و بەرگرییەکانیان



وخۆیان مافی ئافرەت پێشێل دەکەن, ئایا ئێوە بەکردەوە مامەڵەتان لەگەڵ ئافرەتا چۆنە؟

-راستە لەو جۆرە پیاوانە زۆرن, بۆئەوەی بزانی من مامەڵەم لەتەك ئافرەتدا چۆنە؟ تکایە ئەم پرسیارە لە هاوسەری کۆنم و هاوڕێی ئێستام بکە, ئەم پرسیارە لە ئەنجیلا, گیناتا, تینە, هایکە, ناتاشا, ژانە, ئانا, روناك,لە پێنج خوشکەکەم, لە کچانی براکەم و خوشکەکانم, لە ماریا, لەیلا, رەشیدە, بەیان, گەلاوێژ, نیان, ئوشی, لەماردین, پاتریسیا, دیانا, لە هاژە, لەبەرێز دایکی ئەنجیلا,خانمی تامارا, لە هاوکارمان بەرێز کەژاڵ ئەحمەد و وتاری( شیربایی پێنوسێکی چاوڕەش ) پرسیار لە شاعیر عەبدولقادر سەرچناری لەبارەی ژیانی من و گیناتا بکە, لە شاعیر کاك محەمەد پێنجوێنی, لە مامۆستا و دکتۆر کەمال میراودەلی, لە عەبدوڵلا پەشێو, حەمە سەعید حەسەن,یاسین بانی خێلانی, ئەکرەم خامۆش, چیرۆك نوس ئەنوەر محەمەد, لە کاتیا, لە ماریانا, پرۆفیسۆر دکتۆر ئارمان, لە دکتۆر فاروق,




لە ئۆلگە, لە گەرەکی مەڵکەندی و لە شاری سانپترپۆرگ و مۆسکۆ, لە پراگ, لە کازبلانکە, لە بەرلین و تاران, بڕوانە( تائێستا پێنج پەرتوکم نوسیوە, هەرپێنجیم پێشکەش بە پێنج ئافرەت کردووە ) دواجار دەڵێم پرسیار لە ویژدانم بکە.

*خەون و خولیاکانی جەزا چنگیانی چین؟

-خەونم کوردستانێکی گەورەو دەوڵەتێکی دیموکراتی, خولیام: هاوسەرێکی دڵسۆزوو دوو کچی جوان.

*لەگەڵ کاری فۆتۆگرافدا بەینتان چۆنە؟

-فۆتۆگراف( ئارەزوومە ) بەینم زۆرخۆشەو هونەرێکی زۆربەچێژە تائێستا دوو پێشانگام کردۆتەوە

یەکێکیان لە سلێمانی و ئەوی تریان لە دهۆك.

*ئایا ئێوە خۆتان بە دەروێشی هیچ ئایدۆلۆژیایەک نازانن, پەیوەست بوونێکی دەمارگیرانە بەهەر ئایدیاییایەکەوە چ مەترسییەک دەخولقێنێ؟

-من دەروێشی بیری کوردایەتیو مرۆڤ دۆستیم, دەمارگیری لەهەر ئایدیاییایەکدا مەترسی ئیفلیج بوونی هزرییە.

*کەم دەرامەتی و نەبوونی سەرچاوەی سەرەکیبوون بۆئەوەی هاژە کاری لەشفرۆشی بکات, وەلێ ئەگەر ژنێکی سۆزانی دەستی کچە 10-20سالآنەکەی بگرێ و بیخاتە بازاڕی لەشفرۆشییەوە ئایا کۆمەڵگە بەرەو چ مەترسییەک هەنگاو دەنێت؟

-بەبۆچوونی من هەموو کارەساتە کۆمەلآیەتییەکان سەرچاوەکەی ئابووریە هاژەش و هاو وێنەکانیشی قوربانی لافاوی کێشەکانی کۆمەڵن ئەو دایکەی کۆرپەیەکی 10-20سالآن دەخاتە بەردەم تیغی برسی پیاوێکی کپکراوی سێکسی ئەگەر نانی هەبێ نایکات بەلێ ئەم کارانە کارەساتەو یەخەی کۆمەڵ دەگرێت.